لاهور شێخ جەنگی داوایەک ئاراستەی لایەنە سیاسیەکان دەکات جگە لە یەکێتی و پارتی

لاهور شێخ جەنگی رایگەیاند، داوای لە هەمو ئەو هێز و لایەنە سیاسیەکانەی کە "نەچونەتە ژێر رکێفی پارتی و یەکێتی و ئەو وەهمەی دروستیان کردوە" ئەوەیە کە کاتی ئەوەیە بێن لەژێر چەترەکدا کۆببنەوە و "روبەڕوی ئەم زوڵم و نادادپەروەرییە ببینەوە".

لاهور شێخ جەنگی سەرکی "بەرەی گەل"، ئەمڕۆ پێنجشەممە لەمیانی لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەنوسان لەبارەی دواخستنی هەڵبژاردن رایگەیاند، "رێککەوتن کراوە بۆ ئەم مەبەستە، هەم لەگەڵ بەغدا هەم لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی بۆ ئەوەی ئەم جەوە بخولقێت بەڵام من ئاگاداری وردەکارییەکان نییم، هەڵبژاردن لە مارە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "دەبوایە یەکێتی خەڵك چەواشە نەکات، چونکە ئاگاداری ئەوەبوم بەشێك لە یەکێتی بەتایبەتی كاك قوباد رێکەوتنی کردوە لەگەڵ پارتی بۆ دواخستنی هەڵبژاردن، یان ئەوەیە كاك باڤێ ئاگاداری ئەو رێککەوتنە نییە کە ئەوە عەیبەیەکی گەورەیە".

لاهور شێخ جەنگی دەڵێت، "داوام لە هەمو ئەو هێز و لایەنە سیاسیەکانەی کە نەچونەتە ژێر رکێفی پارتی و یەکێتی و ئەو وەهمەی دروستیان کردوە ئەوەیە کە کاتی ئەوەیە بێن لەژێر

چه□تر□کدا ک□ببینه□وه□ و روبه□□وی ئه□م زو□م و نادادپه□روه□رییه□ ببینه□وه□".